# کێشەی ماڵی خانزاد
# متمانەیماڵەکانی تریش دەخاتە ژێر پرسیارەوە

**باوکی کچێك "سوپاسی هاوکاریتان دەکەم، ئەوە کچەکەم کوشت"**

**هانا شوان**

رازاو"تا من لەماڵی خانزاد بووم، بەڵێ.. پاسەوانەکان لەگەڵ ئافرەتەکان پەیوەندییان هەبوو" هەروەها دەڵێت" کە باوکی هاتە ماڵی خانزاد، هاوژین خۆی لەحەمامەکە نابوو، ئەڤین فەرمانی دایە دوو توێژەرەکەی ئەوێ، کە بیهێننە دەرەوە، هاوژین دەگریاو دەیگوت، نامەوێ باوکم ببینم، بەڵام ئەوان هێنایانو دایانە دەستی، پاش ئەوە رۆژێك یان دوو رۆژ من لەپرسگە دانیشتبووم، زەنگی تەلەفونەکە لێیدا، باوکی هاوژین بوو، گوتی سوپاسی هاوکاریتان دەکەم، ئەوە کچەکەم کوشت".★

سوعاد "ئەڤین هەندێك لەو کچانەی لەماڵی خانزاد دەهێنایە دەرەوە، ئیدی کەس نەیدەزانی چییان بەسەر دێت، یەکێك لەوانە هاوژین بوو کە درایەوە دەست باوکیو دوای چەند رۆژێك براو باوکی بەبلۆك کوشتیان، ئەگەر ئێستا سەیری فایلەکەی بکەیت ئیمزای هاوژین دەبینی کە گوایە بەڕەزامەندی خۆی چۆتە دەرەوە، بەڵام من خۆم یەکێکم لەوانەی لەجیاتی من ئیمزایان کردووە".

"من لەپێناوی خۆشەویستیو لەپێناوی دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ئەوەی کە بۆچی کێشەکەی ئێمە بەو شێوەیە دوا دەخرێت، ئەو چەند مانگە بەدەوری ماڵی خانزاددا خولامەوە، ئاخر کەسێك لەدەست پیاوەکەی رایکردبێت، چۆن لەگەڵی بەرەو ڕوو دەکرێتەوە، ئەو پیاوە خۆی لای برادەرکانی باسی کردبوو کە بەچەکەوە چووەتە ژورەوە بۆ ماڵی خانزادو قسەی لەگەڵ تاڤگە کردووە".

تاڤگە "ئەڤین دەیگوت ئەو تۆی ناوێت، بۆچی دێتە ئێرە، ئەو ڤلێکی دیکەی دۆزیوەتەوە، تومەز ئەو کوڕە چەندین جار هاتووەتە ماڵی خانزادو ئەڤین نەیهێشتووە بمبینێ، ئەو کارمەندە بەزەیی پێمادا هاتەوەو وتی، بەیانی خۆم لێرە خەفەرم، تەلەفۆنت دەدەمێ قسەی لەگەڵ بکە، بۆ بەیانی مۆبایلەکەی خۆی دامێو قسەم لەگەڵ کرد، کە گوێم لەقسەکانی بوو، شێت بووم، گوتی رێگا نادەن بێمە ماڵی خانزادو هاتووم دەریان کردووم. ئیدی منیش بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕایەوە کە چیم پێدەکەنو چۆن منیان خستووەتە ژێر گوشار، ئەوکات هەردوکمان تێگەیشتین مەسەلەکە چییە".

ئەو دەزگایەی لەوتەکانی سەرەوە باسی لێدەکرێت (ماڵی خانزاد)ە کە لەساڵی 2001 دا لەشاری هەولێر لەلایەن رێکخراوەکانی ئافرەتانو بەپشتیوانی مادی رێکخراوی وادی ئەڵمانی دروست کراوە، ئەو دەزگایە تایبەت بوە بەداڵدەدانی ئەو ئافرەتانەی کێشەیان هەیە یان هەڕەشەیان لەسەرەو لە ساڵی 2004 دا رێکخراوی وادی بە وەزارەتی مافی مرۆڤی راگەیاندوەکە ئەوان چیتر پشتیوانی ئەو ماڵە ناکەن و هەر لە ساڵی 2003 وە ئەوان تێبینیان لەسەر خراپ بەرێوەبردنی ئەوماڵە هەیە تۆماس ڤاندەر ئۆستن بەڕێوەبەری رێکخراوی وادی لە چاویکەوتنێکدا بۆ روژنامەی میدیا ووتی "پاش نیوەڕۆیەك من خۆم لەناکاو سەردانی ماڵی خانزادم کرد، کە لەماڵی خانزاد شوێنی پاسەوانەکانو حاڵەتەکان لێك جیابوو، بەڵام من کە چومە ژورەوە یەکێك لەپاسەوانەکان لەژورەوە دەهاتە دەرەوە، فانیلەیەکی ژێرەوەی لەبەردابوو، خەریك بوو پانتۆڵەکەی دادەخستەوە".

پاش ئەوەی رۆژنامەی میدیا زنجیرەیەك چیرۆکی دابەزاند باسی لەوە دەکرد  ئەو ژنانەی لەوێ بون بەکار هێنراون بۆ کاری نابەجێ،دوای ئەو سکالایانە بەشێوەیەکی نهێنی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دەزگایە دەستپێکردووەو بەرپرسە بالاکان چاودێری رەوتی لێکۆلینەوەکان دەکەن، بەپێی هەواڵەکانیش بەڕێوەبەری سەنتەرەکەو هاوسەرەکەی دەستگیرکراونو سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لێکۆڵینەوەکە بەرێوانی ووت دەستگیر کردنی هاوسەرەکەی لەسەر ئەوەیە بە ناوی بنەماڵەی بارزانیەوە کاری نایاسایی کردوە.

خەندان حەمە جەزا بەڕێوەبەری رێکخراوی رۆشنبیریو کۆمەلایەتی خانزاد لەسلێمانی، کە بەو دواییانە توێژینەوەیەکی تایبەت بەلەشفرۆشی نوسیوە ووتی "رۆژێك ژنێك لەکەرکوکەوە تەلەفۆنی کردو بەتوڕەییەوە پێی وتم کتێبتان لەسەر لەشفرۆشی نوسیوە بۆ ئەوەی تاوانەکانتانی پێ بشارنەوە". ئەو وەك باسی دەکات لەو تەلەفۆنەوە تێگەیشتوە کە بەهۆی بونی هەمان ناوەوە (خانزاد) زۆربەی رێکخراوو کەسەکان بەوە تێگەیشتون کە ماڵی خانزادی هەولێرو رێکخراوی خانزادی سلێمانی یەك دەزگان".

سۆزان عارف بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتانە لەهەولێر ووتی "ئەو دەنگۆیەی سەر ماڵی خانزادە کاریگەری سلبی کردە سەر کارو متمانەی ڕێکخراوەکان لەکۆمەڵگا". هەروەها ووتی "قوربانیانی یەکەمی ئەم دەنگۆیانە ئەو ژنانەن کە ڕویان کردۆتە ئەو دەزگایەو هەموو هیوایان ئەوەبوە هاوکاری بکرێن نەك بەو شێوەیە بەکار ببرێن ".بە پێی قسەکانی سۆزان ئەوان بە بیستنی هەواڵی کوشتنی هاوژین دەنگی نارەزاییان لە ئاست کارەکانی ئەو دەزگایە بەرز کردۆتەوە بەڵام کەس گوێی بۆ نەگرتون.

رازاو لێکۆڵەرەوەی دادە لە یەکێك لە بنکە پۆلیسە جەنجاڵەکانی شاری سلێمانی ووتی" لەم حاڵەتەدا دەبێت پەنجەی تاوانبار کردن بۆ ئەو کەس‌و لایەنە درێژ بکرێت کەئەو کەسەی کردۆتە بەرێوەبەری خانزادو ئەگەر ئەو دەنگۆیانە ساغ بێتەوە مەرگەساتی لە دوایە". بە پێی قسەکانی ئەو  کە ژنێك دەچێتە بنکەی پۆلیس و کێشەی هەیە لە بنکە نایهێڵنەوە بەڵکو دەینێرنە ڕێکخراوێك بۆئەوەی زەمانەتی پاراستنی بکەن و وتی" منیش نمونەی کاری هەڵەی ریکخراوەکانم لایە لەو شەوانە ژنێکی ئێرانیمان لابو بە هۆی کێشەیەکەوە هەڕەشەی کوشتنی لەسەر بو، پەیوەندیم بە کێك لە ڕێکخراوەکانەوە کرد ووتیان تەخەسسوسی ئێمە نیە".ئەو پێیوابو کەدەبێت لەروی یاساییەوە تایبەتمەندی بدرێتە ئەم کێشەیەوەو دەبێت چارەنوسی ئەو خاوەن کێشانەی کە لە ناو خانەکەدا بون لەلایەن دادگاوە دیاری بکرێت. سەبارەت بە چیرۆکی کوشتنی (هاوژین) لە لایەن کەس‌و کاریەوە کە ئەو دەزگایە ڕۆڵی هەبوە لە تەسلیم کردنەوەی ئەو کچە ووتی"لە یاساداو سەبارەت بە تاوانی کوشتن بێگومان بکوژ هەیەو هۆکاریش هەیە لەم حاڵەتەشدا بکوژی هاوژین کەس‌وکاریەتی‌و هۆکاریش ئەو دەزگایەیە کە تەسلیمی کردۆتەوە خۆی بۆ خۆی ئەوە تاوانێکی گەورەیە ".

<u>گەندەڵی دو هێندە ئافرەتان دەکاتە قوربانی</u>

سۆزان عارف پێی وایە کەتەنها ئەو ڕێکخراوەو بەرێوەبەرەکەی بەرپرس نین بەڵکو سەرجەم ئەو دەزگاو ڕێکخراوانەی کە هاوپشتی ئەو دەزگایەیان کردوە "ئەمەش بەشێکی تری درێژ کراوەی ئەو گەندەڵیەیە کە ژمارەیەك لە ڕێکخراوو دەزگای گرتۆتەوە، بەڵام ئەم جارە بەتایبەت بەشە لاوازو بێدەسەڵات کراوەکەی کۆمەڵگە کە ئافرەتانن بونەوە قوربانی".

ڕێواز فایەق یاساناس‌و سەرنوسەری گۆڤاری تەوار، نایشارێتەوە کەئەگەر ئەو چیرۆکانە ڕاست بن ئیتر ئەو ئافرەتانەی کێشەیان هەیە ڕو لە کوێ بکەن و ووتی" هەرچی یەك لەسەر هەواڵە شەرمهێنەرەکانی ئەو جیهانە سەر سورهێنەرە بوترێت هێشتا ناگاتە چرکەیەکی دڵەراوکێ‌و ترسی ئەو کچ‌و ژنانەی کەلەبەر مەترسی دەستدرێژی کردنە سەر، ژیاون ناگاتە ساتێکی هەناسەی بۆنکروزی ئەو هاوژینەی کە درایەوە دەست جلادەکەی".

خانم رەحیم بەرێوەبەری ڕێکخراوی ئاسودە لە سلێمانی پێی وایە ئەو چیرۆکانەی نوسراون موبالەغەیان پێوە دیارەو ووتی "ئەگەر وابو پێویستە ئەو دەزگایە موحاسەبە بکرێت ئەگەر واش نەبوو دەبێت ڕۆژنامەکە سزا بدرێت".سەبارەت بە تەسلیم کردنەوەی هاوژینیش دەڵێت" ئەوان یەکەم ڕێکخراو نین ئەو کارەیان کردبێت واتە کچێکیان تەسلیم کردبێتەوەو کوژرا بێت".

خەندانی بەرێوەبەری ڕێکخراوی خانزاد لە مبارەیەوە وتی "پێشتر کە خاوەن کێشەیەك دەچوە ڕێکخراوێك کەس‌وکاری لەوەتوڕە دەبون کە ماڵی بەجێهێشتوە بەڵام ئێستا چەند بەرانبەر توڕە دەبن کە چۆتە ڕێکخراوێك، تەنانەت کۆمەڵگە سەرزەنشتی دەکات".

ڕێواز فایەقیش پێی وایە کەتێکچونی ئەو لانەیە زۆرکەس لێی بەرپرسەو ووتی" گەر ئەمە حاڵی ماڵەکانی ژنە بێلانەکانی ولاٌتەکەم بێت ئیتر بۆ دۆزەخی نێو ماڵە پڕ لەزەخمەکانی خۆیان قبوڵ نەکەن؟ ئەبێت وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتە چل وەزیرەکە ڕانەچڵەکابن ئەبێت وەزیری پێشوی مافی مرۆڤ کە ئێستاش وەزیرە هەست بەوە نەکات  لە سێبەری ئەودا ئەو هەموو پێشێلکاریەی ئەنجام دراوە؟ ئەبێت ئەو یانزدە ڕێکخراوەی ژنان کە هاوبەش بوون  لەپرۆژەی کردنەوەی ماڵەکەدا هەست بە بچوکی‌و بێ ئەرزشی خۆیان نەکەن؟".